نزیکەی ملیۆنێک دەنگدەر زانیارییەکانیان نوێ کردووەتەوە

ئەمڕۆ هەینی ،کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق رایگەیاند تا ئێستە نزیکەی یەك ملیۆن کەس تۆمارەکانیان نوێ کردووەتەوە، ئاماژە بۆکرا پرۆسەی نوێکردنەوەی دەنگدەران بەردەوامە.

.

عیماد جەمیل، سەرۆکی تیمی ڕاگەیاندن لە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق ڕایگەیاند، پرۆسەی نوێکردنەوەی دەنگدەران لە سەرجەم ناوەندەکاندا کە 1079 ناوەندن، بەردەوامە و ئەمڕۆ هەینیش دەوام کراوە.

عیماد جەمیل ئاماژەی بەوەش کردووە، تیمەکانیان ڕۆژانە لە بنکەکان لە کاتژمێر 8 بەیانی بە 5ی ئێوارە تەنانەت لە ڕۆژانی هەینی و شەممە و ڕۆژانی پشووی فەرمیش دەوام دەکەن.

سەرکی تیمی ڕاگەیاندن لە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق ڕوونیشی کردەوە، تاوەکوو کاتژمێر یەکی دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ هەینی، نزیکەی 890 هەزار دەنگدەر تۆمارەکانیان نوێ کردووەتەوە.